# بزاڤ و ڕاپەڕینی هۆزە دەشتەكیەكان (العربان) لە وولاتی مصر لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی كۆچی/سێزدەیەمی زایینی "لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە"

**ID No. 3793**

(PP 20 - 36)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.3.2

**قادر محمد حسن** **ڕێڤان غازی احمد**

بەشی مێژوو-كۆلێژی ئاداب / زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر

phd.qader@yahoo.com revanghazi@gmail.com

**وەگــــــرتن : 2020/10/11**

**پەسندكردن : 2021/02/25**

**بڵاوكردنەوە : 2021/06/16**

**پوختە**

ئەم لێكۆڵینەوەیە تاوتوێی بابەتێكی گرنگ دەكات لە مێژووی مصر ـ ئەویش هۆزەكانی (العربان) لە ناوچەكانی (الوجە البحري و الوجە القبلي) لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی كۆچی لە مصرلە سەردەمی دەوڵەتی مەمالیك . كە ڕۆشنایی دەخاتە سەر گرینگترین ڕاپەڕینەكان و چالاكیەكانیان كە لەو ناوچانەدا ڕوویداوە دژی دەسەڵاتی مەمالیك، هۆكاری ئەم بارودۆخەش دەگەڕێتەوە بۆ كاریگەری و پێگەی هەریەك لە هۆزەكانی (العربان)كە لە دوای فەتحی ئیسلامی لە دەوروبەری (الوجە البحري والوجە القبلي) گیرسانەوە، بە تایبەتی لە شارەكانی( الشرقیة، البحیرة، المنوفیة). دەستیان بۆ مەمالیكەكان دانەداوە، چونكە تێڕوانینی دەوڵەتی مەمالیك بەرامبەر بە هۆزەكانی (العربان) تەنها لەوەدا خۆی دەدۆزیەوە. كە پێوستە چینێكی كۆمەڵایەتی بن و گوێڕایەڵی سوڵتان بن، بەڵكو هیچ مافێكیان نییە لە تێپەڕاندنی سنووریان لە دژی دەسەڵاتدا، بەڵام العربان ( الوجە القبلي والوجە البحري) خۆیان وا دەبینی كە دەسەڵات شایانی ئەوانە نەوەك مەمالیكی كۆیلە، كە دەسەڵاتیان لە بنەماڵەی ئەیوبی زەوت كردبوو، كە هەندێك جار پەیوەندیەكانیان نالەبار بوون و سەركردەكانیان لەلایەن مەمالیكەكانەوە گیراون، هەروەها چەندین بزاڤ و ڕاپەڕین لە نێوانیاندا ڕوویداوە . كە چەندین شەڕی لێكەوتۆتەوە و بە سەركەوتنی مەمالیك كۆتایی هات، بە هۆی لێهاتوویی سەركردەی هێزە سەربازیەكانی دەوڵەتی مەمالیك لەچاو سەركردە سەربازیەكانی هۆزە كانی (العربان)، بە جەخت كردنەوە لەوەی هەموو ڕاپەڕینەكان دەرئەنجامی خراپیان هەبوو بۆ وولات، لە گرینگترینیان : لاواز بوونی باری ئابووری مصر بوو، هەروەها كاریگەری كردە سەر باری كۆمەڵایەتی دەوڵەت، كە لە دوور مەودا كاری خۆیكرد بۆ لاوازكردنی مەمالیكەكان وداتەپینی ژێر خانی كۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەكە.

**كلیلە وشە:** الممالیك، بزاڤە بەرهەڵستكارییەكان، العربان، وجە البحري و وجە القبلي.

**1. پێشەكی** سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی مەمالیك بە سەردەمێكی گرنگ و زێڕین دادەنرێ لە مێژووی مصر ـ و ناوچەكە، كە نزیكەی سێ سەدە بەردەوام بوو، جگە لەوەی خاڵێكی یەكلاكەرەوەی مێژوویی بوو لە سەدەكانی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی. كە لەو سەردەمەدا جیهانی ئیسلامی بە ڕەنگاری دوو مەترسی گەورە بۆتەوە :

یەكەمیان بە ردە وامی هەڵمەتی خاچ پەرستان بوو كە جیهانی ئیسلامی هەژاند و كاریگەری ترسناكی لە سەر جیهانی ئیسلامی بە گشتی هەبوو ، دووەمیشیان مەترسی مەغۆل بوو،كە مەمالیكەكان ڕۆلێكی باڵایان هەبوو لە تێكشكانی مەغۆلەكان لەناو جەرگەی جیهانی ئیسلامی دا. مصر بەگشتی لەسەردەمی مەمالیك لە دوو هەرێمی سەرەكی پێك دەهات (الوجە البحري والوجە القبلي) ، لە هەردوو هەرێمەكەدا باری ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری لە گەڵ لایەنەكانی تریش كاریگەریان هەبوو لەسەر مێژووی دەڤەرەكە ، سەبارەت بە ( الوجە البحري) ناوچەكانی بریتی بوون: لە (الشرقیة، البحیرة، المنوفیة). هەروەها (الوجە القبلي) ناوچەكانی (قوص، اسیوط، الاشمونین) بوون .هەروەهاهەرێمی (الوجە البحري) بە تایبە ت ڕۆڵێكی گرنگی هەبوو لە مێژووی مصری ئیسلامیدا . گرینگی ئەو باسە لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، كە وێنەیەكی روون و ئاشكرای لە بزاڤی بەرهەلستكاری هۆزە كانی (العربان) لەو ناوچانە دا لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی كۆچی دەخاتە ڕوو.

ئامانجی توێژینەوەكە**:**دیارترین ئەو پاڵنەرانەی كە هانمانی دا بۆ لێكۆڵینەوە لەم بابەتەدا ئەوەیە، كە زۆربەی لێكۆڵینەوە مێژووییەكانی پێشتر كە لە سەر دەوڵەتی مەمالیك كراوە بە شێوەیەكی گشتی بووە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر دۆخی هۆزەكان بەتایبەتی وكاریگەریان لەسەر مێژووی سیاسی وئابووری وكۆمەلایەتی ناوچەكە لەو سەردەمەدا بۆیە پێمانوایە لێكۆڵینەوە لەو بزاڤ

وڕاپەڕینـانە كـۆمەك دەكـات بە وێنـاكردنێكی باشـترو ڕۆشـنتر لە مێـژووی مصرـ،هەروەتر مەماليكەكـانيش بە تـايبەتی هەروەهـا ڕوونكردنەوەی ئاستی قايلبوونی گشتی وهەڵوێستی هۆزەكـانی نـاوچەكە وەكـو پێكهـاتەيەكی ديـاری ديمـوگرافی،لە هاتنەسـەركاری مەماليك،ڕووخاندنی دەوڵەتی ئەيوبی لەلايەك و چۆنيەتی سەرەودەريكردنی مەماليكەكان لەگەڵ ئەو جۆرەبزاڤانەی كەگومانيـان لە ڕەوايی دەسەڵاتی مەماليكەكان دەكرد.

گرفتی توێژينەوەكە**:**لە گرينگترين ئەو كێشانەی كە ڕووبەڕووی بووينەوە پچڕپچڕی ئەو زانياريە مێژوويانە بوو.دەربارەی ئەو ڕاپەڕينانەی كە لەلايەن مێژوونوسەكان ئاماژەی پێكراوە، ئەمەش خۆی لە خۆيدا كێشەيەك بوو. ياخود  هە نديك جار مێژوونووسەكان ئاماژەيان بە هەرێمی (الوجه القبلي) كردووە بێ دياريكردنی شوێنی ڕووداوەكە بە شێوەيەكی دياريكراو، بەڵكو لە زۆربەی سەرچاوەكان تەنها ئاماژە دەكەن بە چۆنيەتی ئامادەكردنی ئەو هەڵمەتە سەربازيانەی كە لەلايەن ميرەكانی مەماليك دەردەچوون بۆ شوێنی مەبەست بەبێ دياريكردنی شوێنی ڕووداوی ئەو جەنگانەی كە لەگەڵ عربان ڕوويانداوە .

هەروەها سەبارەت بە ئاماژە كردن بە بزاڤەكانی هەرێمی  (الوجه القبلي) بەشێك لە مێژوونووسان زانياری زۆر كەم دەخەنە بەر دەستمان، هەروەكو لە سەرچاوەكاندا هەميشە ئاماژە كراوە بە لەشكركێشی سەربازيان و هەڵمەتی سوپايی لە ناكاو(تجريده عسكرية)  بۆ (وجه القبلي) بە تايبەتيش كە بۆ(صعيد)  نێردراوە،هەروەها لە سەرچاوەكان زياتر باسی دەسكەوتەكانی جەنگ كراوە لە كاتی گەڕانەوەی سوپای سەربازی مەماليك بۆ قاهيرە، بەلام دوای گەڕان وهەوڵدانێكی زۆر بۆ بەدەستهێنانی زانياری لە ناوەرۆكی سەرچاوەكان و ژێدەرە مێژووييەكان،توانرا وێنەيەكی ڕوونی ئەم ڕووداوانە نيشانبدرێت . لەم توێژينەوەيەدا ڕێبازی لێكۆڵينەوەی مێژوويی ولێگەڕان (الإستقرائي) بەكارهاتووە،چونكە گونجاوە لەگەڵ سروشتی بابەتەكەو شێوازی خستنە ڕووی بابەتەكان.

پێداچوونەوەی كارە پێشينەييەكان**:**دەتوانم بڵێم  ئەم بابەتە لەسەری نەنوسراوە و توێژينەوەی تايبەتی لەسەر نەكراوە لە سەردەمی دەوڵەتی مەماليك، چونكە لە ماوەی گەڕانم لە نێو سەرچاوەكان و ژێدەرەكان بابەتی سەربەخۆم نەبينی لەسەر بزاڤە بەرهەڵستكاريەكان بە جيا نوسرابێ لەو سەردەمە بە دياری كراوی، وەكو ئاماژەم پێكرد كتێبێكی سەربەخۆم نەبينی لە سەر ئەم بابەتە لەو سەردەمە. تاكە لێكۆڵينەوەی مێژوويی كە هەندێك لەو بابەتەی تێدابووە من پێويستم پێی هەبوو (ثورات العربان واثرها في الاقتصاد المصري زمن سلاطين المماليك(648-923ه/1250-1517م)بوو" كە (سيد محمود محمد عبدالعال) پرۆفيسۆری ياريدەدەر لە مێژووی ئيسلامی لە زانكۆی الفيوم نوسيويەتی. بەڵام تايبەت نيە" بەڵكو بە درێژايی مێژووی دەوڵەتی مەماليك نموونەو ئاسەوارە خراپەكانی باس كردووە.

هەروەها سەبارەت بە خستنە ڕووی تەوەرەكان **:**توێژينەوەكە لە دوو تەوەرە پێك هاتووە : تەوەرەی يەكەم :كە تێيدا باس لە ناساندنی چەمكی عربان كراوە لە ڕووی زوبانی و زاراوەيی يەوە ، هەر لە سەردەمەكانی كۆنەوە تا سەردەمی مەماليك ئەم چەمكە بە چ مانايەك بەكارهاتووە ، ئەڵبەتە لە تەوەرەی دووەمدا گرينگترين بزاڤەكانی سەردەمی دەوڵەتی مەماليك لە نيوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی كۆچی و سيانزەی زايني خراوەتە ڕوو، هەروەها دروشمەكانی ئەم بزاڤانە  دژی دەوڵەتی مەماليك و چۆنيەتی بەرپەچدانەوەی ئەم بزاڤانە  لەلايەن سوپای مەماليك  باسكراوە،

**2. ناساندنی چەمكی العربان**

چەمكی العربان لەڕووی زمانەوانيەوە: لە سەرەتادا باشتر وايە كەمێك لەسەر چەمكی :العرب والعربان  بوەستين ، العُرْبُ (بالضم و بالتحريك)و( العَرَبْ) كە هەردووكی يەك ووشەن ،كە عجم نين، لەم ووشانەوە هاتووە ( عاربةٌ، وعرباءٌ، و عَرِبةٌ)(الفيروز ابادي ،٢٠٠٨،ص١٠٦٦).

لە ڕووی زاراوەوە: لە ڕووی زاراوەوە (العُـــــرب) زاراوەيەكی ســـــــامی يە  واتە خەڵـــــكی شــــــار (فـــــيروز ابادی،٢٠٠٨،ص١٠٦٦)،(السويدي،د.ت،ص٦)،نەوەيەكی ناسراون لە نێو ميلەتاندا، بە زمانی عەرەبی دەدوێن، لە دايك وباوكی عەرەبی كەوتوونەتەوەولە دوورگەی عەرەبی  نيشتەجێی بوون( الالوسى ،١٣١٤،ج١،ص١١-١٢).

هەروەها زاراوەی (عرب)لە دەقە  كۆنەكانی يۆنانی و لاتينيەكان بەكارهاتووە  بە واتای دەشـتەكی  يـان كۆچـەر (اهـل الوبر)[1] (على،١٩٩٣،ج١،ص١٦-٢٦).

[1] اهـل الـوبر: واتە خێـوەت نشـينەكان، بەڵام ووشـەی (الباديـة) يـاخود (بـدوي) و (اعـراب الباديـة) ئەوا بەرامـبەر ووشـەی  (nomadas) يۆنـانی يە كە بە مانـای دەشـت نشـينەكان دێ.( عـلي ،١٩٩٣،ج١،ص٣١).

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر قورئانی پیرۆز ئەوا واتاکەی جیاوازترە لە و واتایەی کە لە دەقە کۆنەکان یاخود لە دەقەکانی تەورات و ئینجیلدا هاتووە. کە لە لایەن نوسەرە یۆنانی ولاتینیەکاندا ئاماژەی پێکراوە کەزاراوەی اعراب بە (اهل الوبر) هاتووە کە کۆچەرن و لە ژێر خێوەتگاکان ژیانیان بەسەر دەبەن ،یاخود گروپێکی تایبەتن لە خەڵکی عەرەب لە سەردەمە کۆنەکاندا، بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا ناوی ئەو زمانەیە کە قورئانی پیرۆزی پێ دابەزیوە،هەروەها بۆ خەڵکی شارنشین و دەرەوەی شاریش ئەم ووشەیە بەکارهاتووە(**وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ ۗ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ**) ( سورە النحل ،ج١٦،الایە ١٠٣)واتە سوێند بە خوا ئێمە چاك ئاگامان لێیە کە بێ باوەڕان دەڵێن: ئەم قورئانە تەنها کەسێك فێری دەکات، بە (مەرجێك) زمانی ئەو کەسەی ئەوان دەڵێن قورئانی فێری محمد دەکات عەجەمیەو عەرەبی نیەو ڕەوان نیە، لە حاڵێکدا ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی پاراوڕوون و ئاشکرا دارێژراوە(محمد امین،د.ت،ص٢٧٩).(**وَلَوْ جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا لَوْلَا فُصِّلَتْ آيَاتُهُ ۖ أَأَعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ ۗ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ ۖ وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِي آذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُولَٰئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍ بَعِيدٍ**)(سورة الفصلت ،ج٢٤،الایە ٤٤).واتە:ئەگەر ئەم قورئانەمان بە زمانی گەلانی تر بناردایە، ئەوە بێ باوەڕان دەیانوت: ئایا نەدەبوو ئایەتەکانی ڕوون و ئاشکرا بووایە و بە زمانی خۆمان بوایە، چۆن دەبێت قورئان بە زمانی بێگانە بێت؟ لە کاتێکدا محمد( صلی الله علیە وسلم) بە عەرەبی دەدوێت، ئەی پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) پێیان بڵێ :ئەو قورئانە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوەهیدایەت و ڕێنموویی و شیفایە وچارەسەری هەموو دەردو نەخۆشیەکان دەکات، جا ئەوانەی کە باوەڕناهێنان گوێچکەیان کەڕەو بە شتی تر ئاخنراوە، هەروەها کوێرن لە ئاستیدا، ئەوانەی هەروەك لە دوورەوە بانگیان لێبکرێت وایە (نە دەنگەکە بە چاکی دەبیستن، نە ڕەنگەکە بە ڕوونی دەبینن)(محمد امین،د.ت،ص٤٨١).

عەرەبەکان سی جۆربوون (العرب البائدة و العرب العاربة والعرب المستعربة) (ابن خلدون ،2000،ج٢،ص١٦)، العرب البائدة : بەو عەرەبە یەکەمینانە ووتراوە کە شوێنەواریان نەماوە وەکو (عادو ثمود) ( القلقشندي، ١٩٦٣،ص٣٦)، عرب العاربة: نەوەکانی قحطان [2] دەگرێتەوە کە دەگەڕێنەوە سەر عەرەبی یەمەن، العرب المستعربة: عەدنانیەکان دەگرێتەوە کە دەگەڕێنەوە سەر(اسماعیل کوڕی ابراهیم) سەلامی خوایان لێبێت، پێیان ووتراوە مستعربة چونکە تێکەڵاوی عرب عاربة بوون ، زمانەکەشیان لەوان وەرگرتووە (القلقشندي،1963، ص١٠٧-١٠٩).

هەروەها زانایانی عەرەب ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر ووشەی (عرب) هەیە،دەڵێن: بە عرب ووتراوە (عرباً) چونکە یەکەم کەس کە بە زمانی عەرەبی دواوە ( یعرب بن قحطان) بووە، ڕایەکی تردەیگەڕێنێتەوە بۆاسماعیل [3] بن ابراهیم، بەشێکی تریان دەیگەڕێنەوە سەرزمانی ئادەم و سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ.(علی،1993،١٩٩٣،ج1،ص١٤).

هەروەها ووشەی (العربان ) واتە دانیشتوانی گوند نشینەکان، هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا ووشەی (الاعراب ) بە شێوەیەکی ڕوون هاتووە (**قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا ۖ قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَٰكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ ۖ** )( سورة الحجرات، ج٢٦،ایە ١٤).واتە: هەندێك لە بیابان نشینە عەرەبەکان ووتیان: باوەڕمان هێناوەو موسڵمانین،پێیان بڵێ: نەخێر، باوەڕتان نەهێناوە. بەڵام بڵێن: بە ناچاری موسلمان بووین، چونکە هێشتا باوەڕ نەچۆتە ناو دڵەکانتانەوە تیایدا جێگیر نەبووە(امین،د.ت،ص٥١٧).(**وَمِنَ الْأَعْرَابِ مَن يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ**)(.سورة التوبة، ج١١،ایة ٩٩).واتە: لەو عەرەبە بیابان نشینانە کەسانی تریان هەیە کە ئیمان و باوەڕ بە خوداو ڕۆژی دوایی ئەهێنن(محمدامین،2004،ص٢٠٢).

بەڵام لە سەرچاوە کانی مێژووی مەمالیك زاراوەی (العربان) بەکارهاتووە، بەو کەسانە دەوترا کە لە دەرەوەی شار نیشتەجێبوون ، هەروەها لە ووڵاتی شامیش هەمان زاراوە بەکارهاتووەو لە هەمان سەردەمدا، تا ئێستاش ئەو زاراوەیە بەکاردێ لە وولاتی شام و دوورگەی عەرەبی.

لە باسەکەماندا زاراوەی (العربان ) مان بەکارهێناوە بە مانای هۆزە دەشتەکیەکان و دەوروبەر هاتووە، ئەوەی زانراوە (العربان) دوا بە دوای فەتحی ئیسلامی لە دەوروبەری (الوجە البحري ) لە مصردا نیشتەجێ بوون و کەوتنە ژێر کاریگەری ژینگەی ناوچەکە وورده ورده گۆڕانکاریان بەسەرداهات ولە هەرێمەکانی (صعید وشرقیة و الوجە البحري) جێگیربوون و ناوی (العرب المزارعة)یان لێنرا . دەستیان بە جوتیاری و بازرگانی کرد، بەڵام وەك تێبینی دەکرێ ئەو هۆزانە لە پلەو پایەی کۆمەڵایەتیدا خاوەن پێگەیەکی باڵای کۆمەڵایەتی بوون (العربان) لە سەردەمی مەمالیکدا چەند بزاڤێك و یاخی بوونێکیانئەنجامداولەکتێبە هاوچەرخەکان ناوی( فساد العربان) یان لێناون ،چونکە پەنایان دەبردە بەر ئازاردانی خەلك ودەست بەسەرا گرتنی مولکیان، بە تایبەتیش لەو

[2] قحطان بن عابر(هود) بن شالخ بن ارفخشد بن سام بن نوح (علي،1993، ج١،ص ٣٥٤).

[3] نەوەکانی اسماعیل لە ناوچەی (العربة ) گەورە بوون و هەرلەوێش نیشتە جێ بوون کە دەکاتە تهامة،لەبەر ناوچەکەشیان ئەو ناوەیان لێنراوە.(ابن منظور،د.ت ،ص٢٨٦٤).

كاتانەدا دەستیان بە شۆڕش دەكرد لە كاتی گۆڕینی سوڵتان وهاتنی سوڵتانێكی نوێ بۆ تەختی سەڵتەنەت، یاخود لە كاتی حوكمڕانی سولتانێكی تەمەن بچوك (العبادي، ٢٠١٠،ص ١٣٣) ، یا خەریك بوونی مەمالیك بە مەترسیەكانی دەرەوە وەك هێرشی مەغۆل وخاچ پەرستان ، لەكاتی ڕووداوی سروشتی: وەك بڵاوبوونەوەی پەتا كە بارودۆخەكە گونجاوتر دەبوو بۆ ئاژاوە گێڕی.

### ٣. بزافە بەرهەڵستكارییەكان لە ناوچەكانی (صعید)[4]و (الوجه البحري)[5]:

پاش ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبی لە مصر ٦٤٨ك/١٢٥٠ز هەڵ و مەرجێك لە ململانێ وناجێگیری لەو هەرێمانە سەری هەڵدا كە پێشتر لە بەر دەستی دەوڵەتی ئەیوبی دابوون. زۆربەی هەرێمەكانی قوڵایی وولات لەبەردەستی سوڵتانەكانی ئەیوبیدا بووە، بۆیە ناكۆكی نێوان مەمالیكەكان لەگەڵ (ناصر یوسف )[6]ی خاوەنی (الحلب) كە دەكەوێتە ناوچەكانی (الاردن) ئێستاوە، هەروەها ناكۆكی نێوان میرەكانی مەمالیك كە هەندێكیان هاوپەیمانێتیان دەبەست لەگەڵ عربان و ناكۆكی نێوان خودی هۆزە دەشتەكیەكانیش (عطاالله،١٩٧٩ز،ص١٥٦)،كە بارودۆخەكەیان گونجاوتر كرد بۆ ئاژاوە گێڕی. بۆیە هەرلە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی مەمالیك و لەناوچوونی دەوڵەتی ئەیوبی هەندێ ناوچە دەستیان بە بزاڤ و ئاشوب و شۆڕش كرد دژی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەوهۆی ئەوەی كە مەمالیكەكان لە ڕەگەزی تورك بوون نەك عەرەب، چونكە بروایان وابوو ئەوان شایستەترن بۆ دەسەڵات نەك مەمالیكەكان، كە پێشتر مەمالیكی دەوڵەتی ئەیوبی بوون، بۆیە هۆزە دەشتەكیەكان بڕیاری بزاڤیاندا دژی دەوڵەتی مەمالیك هەندێ لەو بزاڤانە بەهێز بوون ودەبووە هۆی ڕووداوی دەست درێژی كردنە سەر دانیشتوانی گوندو شارەكان (عاشور،١٩٧٦،ص٣٢٦)،

#### 1 . لە سەردەمی سولتان المعز ایبك (٦٤٩-٦٥٥ك/١٢٥١-١٢٥٧ز):

١ :١ ڕاپەڕینی هۆزی (العربان) لە (صعید )لە ساڵی ٦٥٠ك/١٢٥٢ز:

كە سەردەمی حوكمی سوڵتان (معز ایبك) دەستی پێكرد، تا ڕادەیەك بارودۆخی سیاسی ناجێگیر بوو دەوڵەتی مەمالیك زۆر بەهێز بوو. لە كاتی ناكۆكی نێوان بنەماڵەی ئەیوبی ومەمالیك، هۆزە عەرەبیەكانی مصردژی دەوڵەتی مەمالیك پشتگیری ئەیوبیەكانیانكرد، چونكە ئەیوبییەكانیان بە شایستەتر دەزانی بۆ دەسەڵات و پشتگیری مەلیك ناصریان دەكردهەر لەبەر ئەم هۆكارەش سوڵتان (معز ایبك )بڕیاریدا بە لەناوبردنی ئەم بزاڤە. بۆیە هێزكی بۆ صعید بە سەركردایەتی (ركن الدين بيبرس)[7] و(قلاوون الالفي)[8]نارد بۆ دامركاندنەوەی بزاڤەكە (بیبرس المنصوري،١٩٩٨،ص٣٣)، هەروەها (المقريزي)(م:٨٤٥ك) ئاماژە دەكات لە كاتی گرژبوونی بارودۆخەكە مەمالیكەكان ژمارەیەك لە میری هۆزە كانی (العربان)یان گرت بە تۆمەتی پشتگیری كردنیان لە مەلیك (الناصر ) لەكاتی گەیشتنی بۆ (الغزة)[9]،لە ئەنجام شكستیان بە بزاڤەكە هێناو گەڕانەوە (القاهرة) (١٩٩٧،ج١،ص٣٩٦).

٢:١. ڕاپەڕینی صعید لە ساڵی (٦٥١ك/١٢٥٣ز):

ڕاپەڕینی هۆزەكانی (العربان) لە (صعید) بە ڕابەرایەتی (الشريف حصن الدين بن ثعلب)[10]بوو. دیارە ناوچەی (صعید) بە هۆی چڕی دانیشتوانی كە زۆربەیان شیعە بوون ،واتا بارودۆخەكەیان گونجاوتر دەكرد بۆ سەرهەڵدانی بزاڤ و ڕاپەڕین لەم ناوچەیەدا، كە ئاڵای نارەزاییان بەرز دەكردەوەو دروشمی ئایینیان هەبوو. بە ڕاپەڕینی (العربان) ناویان دەركردبوو (السيد،1935،ص12؛ العبادي،٢٠١٠،ص١٣٤)، یەك لە دیارترین هۆكارەكانی ململانێی نێوان (العربان) ومەمالیك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە مەمالیك جڵەوی دەسەڵاتی حوكمیان بە دەستەوە گرتبوو خەڵكی ئەو وولاتە نەبوون، بەڵكو تەنها بە مەبەستی كاری سەربازی و جەنگی هێنرابوونە ناو خاكی مصرەوە، بۆیە لە دیدگای دانیشتوانی ناوچەكە بێگانەبوون وشایانی ئەوە نەبوون حوكمیانبە دەستبێت.ئەم بزاڤە یەكەمین وترسناكترین بزاڤ بووكە پاڵنەری سیاسی وئابووری لە پشت بوو، كە (حصن الدين بن ثعلب) ڕابەرایەتی ئەم بزاڤە جەماوەریەی

---

[4] صعيد: لە زمانی عەرەبی بە مانای دۆڵ دێت. شارۆچكەیەكە دەكەوێتە باشوری ڕۆژئاوای فسطاط و باشوری قاهرة، هەروەها صعيد جگە لەوەی كە شارۆچكەیەك بووە بە پانتایەكی فراوانی خاكی میسر گوتراوە، كە زیاتر دانیشتوانەكەی دەشتەكی بوون (القرماني، ١٩٩٢،ج٣،ص٤٠٣؛المتولي،٢٠٠٤ ،ج١،ص٧٤٧).

[5] الوجه البحري: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە لە وڵاتی مصر . كە دەكەوێتە سەر دەریای ڕۆمی واتە (دەریای ناوەڕاست)، كە چەندین شار دەگرێتە خۆی وەك( القليوبية، الدقهلية، المنوفية) و چەندین شاری تریش (حسن ،٢٠٠٩،ص١٠٩).

[6] الناصر يوسف:(الناصر يوسف الايوبي بن سلطان العزيز محمد بن الظاهر غازي بن الناصر يوسف نجم الدين الايوب ) خاوەن (حلب)(دمشق)، لە ساڵی ( ٦٢٨ك/ 1230ز) لە (حلب) لەدایك بووە. لە ساڵی (٦٥٨ك/١٢٥٩ز) لە دەستی مەغۆلەكان كوژرا.( ابوالفداء،١٨٤٠،ج٣،ص٢١١-٢١٢ ؛الذهبي، ١٩٦٦،ج٥،ص٢٥٦؛ اليافعي،١٩٩٣،ج٤،ص١٥٢،١٥١؛.

[7] ركن الدين بيبرس:الملك الظاهرركن الدين ابو الفتوح البندقداري الصالحي النجمي، لە بیابانی قفجاق لە ساڵی( ٦٢٠ك/1223ز) لەدایك بووە، لەگەڵ بازرگانی بەندە فرۆشان هێنراوەتە (دمشق)، پاشان میر( علاءالدين البندقداري) كردیە یەكێك لە مەمالیكەكانی خۆی، لە ساڵی( ٦٥٨ك/١٢٥٩ز) بووە سوڵتان و بۆ ماوەی هەژدە ساڵ حوكمی كردووە، تا لە ساڵی( ٦٧٦ك/١٢٧٧ز) كۆچی دوایی كردووە. (ابن خلكان،د.ت،ج٤،ص١٥٥؛ ابن عبد الظاهر،١٩٦١،ص ٢٦٢؛ ابن ايبك، ١٩٧١،ج٨،ص ٥٥؛ ابن كثير،٢٠٠١،ج١٣،ص ٢٢٢؛ ابن تغري بردي،١٩٨٥،ج٣،ص٤٤٧).

[8]المنصور سيف الدين قلاون الالفي الصالحي: یەكێك بوو لە میرەكانی دەوڵەتی (الظاهرية)، لە سەردەمی سوڵتان ( العادل سلامش بن الظاهر بيبرس) كرا بە جێگری سوڵتان، دوای ئەوەی سوڵتان (سلامش) ی لە كار لابرد. لە ساڵی (٦٧٨ك/١٢٧٩ز) خۆی بووە سوڵتان و نازناوی( المنصور) ی لێنرا. لە ساڵی ٦٨٩ك/١٢٩٠ز) كۆچی دوایی كرد. ( ابن عبد الظاهر،1961،ص43؛ شافع العسقلاني،1998،ص52؛ابو الفداء،د.ت،ص23؛ ؛ابن الجزري،1998، ج1، ص29).

[9]الغزة: دەكەوێتە رۆژئاوای (عسقلان)، لەئەوپەڕی وڵاتی شام بەلای (مصر)ەوە لەسەر كەناری دەریایە (القزويني،د.ت،ص٢٢٧).

[10] الامير حصن الدين ثعلب بن الامير الكبير نجم الدين على بن فخرالدين اسماعيل بن مجد العرب ثعلب الجعفري، گەورەی هۆزی (ثعلبة)، كە لە مصر نیشتەجێ بوون، كە بە چەند پشتێك دەیگەڕێنەوە بۆ(جعفر الطيار بن ابي طالب)،شیعەكان پێی دەڵێن(حصن الدولة جعفري طيارى زينبي).(المقريزي،١٩١٦،ص١٠).

دەکرد و چاوی بڕیبووە کورسی سەڵتەنەت و دروشمەکانیان ئەمانە بوو: (پێویستە دەسەڵاتی مصربە دەست عەرەبەوە بێ نەك کۆیلەکانەوە )(الصقاف ،١٤٣٣،ج٥،ص٤٥٨)، دەیانوت(( ئێمە خاوەنی ئەم وولاتەین ئێمە شایستەترین لە مەمالیك، با بەس بێ خزمەتی ئەیوبیەکانیشمان کرد، ئەوانە خەواریجن، دەرچووینە لە دەسەڵات وە ئەوانە(مەبەست مەمالیکەکانە) کۆیلەی خەواریجن))(( بانا احق بالملك من المماليك وقد كفى اناخدمنا بنى ايوب وهم خوارج خرجوا على البلاد، انما هم عبيد للخوارج)) (المقريزي،١٩٩٧،ج١،ص٤٧٩)

بەم شێوەیە دەستیان پێکرد، خەڵکیان هاندا، لەم ڕووداوەدا دروشمەکانیان دەردەکەوێ وا دیارە خۆیان بە خاوەنی مصر زانیوە، هەروەها کاتێ دەڵێن(ئەوانە خەواریجن)، ئەمانە هەمووی بۆ ماف بەخۆدان و جۆشدانی لایەنگرو جەماوەری خۆیان بووە بۆ ئەم بزاڤە، ئەمەو لە مصری ناوەڕاست و هەرێمی خۆرهەڵات و وجە البحري شارۆچکەیەکی دروست کرد بە ناوی (ذروة سريامِ)[11] دواتر بە (ذروة شريف) ناوی دەرکرد ،( شريف حصن الدين بن ثعلب) پەیوەندی بە مەلیك ناصر ئەیوبیەوە کرد و داوای لێکرد لە دژی (ايبك) یارمەتی بدات، بەڵام لەو کاتە نوێنەری خەلیفە المستعصم بالله(٦٤٠-٦٥٦ك/١٢٤٢-١٢٥٨ز)هاتبووبۆ نێوبژیوانی مەلیك(الناصر) و(المعز ايبك) ڕێکەوتنامەی ئاشتی لە نێوانیان مۆرکرا، لەم ڕۆژگارەدا عەرەبەکان سەربازو ئەسپ و سامانی زۆریان هەبوو،لە شارەکانی(الجيزة)[12]و(الفيوم)[13]هاتن و لە دەوری (حصن الدين بن ثعلب) کۆبونەوە و سوێندیان بۆ خوارد، سوپایەکی گەورەیان پێك هێنا ژمارەی سەربازەکانیان گەیشتە ١٢٠٠٠ هەزار سەرباز بەرەو ناحیەی (ذروة) [14] بە ڕێکەوتن کە گەورەترین شوێنی سەرهەڵدانەکان بوو[15] (العيني،١٩٨٨،ص١٨٨)،

لەو کاتەدا مەمالیکەکانی مصر خەریکی بەستنی پەیمانی ئاشتی بوون لەگەڵ سوڵتان (الناصر يوسف الايوبى )لە وولاتی شام (النويري،٢٠٠١،ص١٧٥)،لەلایەکی تریش خەریکی بەرپەچدانەوەی مەترسی خاچ پەرستان بوون،بۆیە (العربان) ئەمەیان بە هەڵ زانی و دژی دەسەڵاتی مەمالیك وەستان. سوڵتان هێزێکی سەربازی نارد بە سەرکردایەتی (فارس الدين اقطاي )[16]،هەردوولا شەڕیان کرد،بەڵام چارەنوسی عەرەبەکان لەناوچوون بوو، کاتێك (حصن الدين) لە ئەسپەکەیدا کەوتە خوارەوە، بە کاتێکی کەم سەربازەکانی عربان لە دەوری کۆبوونەوە تارزگاری بکەن(السيد، ١٩٩٨،ص١٣١)، بەڵام تورکەکان گەیشتنە سەریان و ژمارەیەك لە عەرەبەکانیان کوشت و ژمارەیەکیان بەدیل گرت و ژمارەیەکیشیان لە سێدارەدران.ناوچەکەیان پاك تاو کرد لە نێوان شاری (بلبيس)[17]تا (القاهرة)،[18] دەستیان بەسەر ژمارەیەکی زۆر پارەو ئەسپ داگرت ( المقريزي،١٩٩٧،ج١،ص٤٨٠،٤٧٩).

هەروەها مێژوونووس(النويري) لە کتێبەکەیدا ئاماژە دەکات دەڵێ : کاتێك (اقطاى) چاوی بەو هێزە زۆرەی (العربان) دەکەوێت خەریك دەبێت بگەڕێتەوە، چونکە (ايبك) هێزێکی کەمی سەربازی لەگەڵی ڕەوانە کرد بۆ ڕووبەڕوبونەوەی (العربان) وا دیارە ئەمە فێڵێك بووە بۆ لەناو بردنی (اقطاي)، چونکە ژمارەی سەربازەکانی عربان زۆر زیاتر بوون لە ژمارەی سەربازی مەمالیکەکان،بۆیە (اقطاي )خۆی بەهێز کردەوەو ووتی ((من ئەوانە دەناسم وئەو ناوچەیەش خاکی منە)) (٢٠٠٤،ج٢٩،ص٢٧٦).

لەگەڵ کەمی ژمارەی هێزی مەمالیکەکان لە چاو هێزی (العربان)، کەچی مەمالیکەکان بە هۆی لێهاتوویی زیاتری جەنگی و شارەزایی سەرکردەکانیان سەرکەوتن، بەم شێوەیە (العربان) لە (بلبيس) ڕووخان ونەیانتوانی بگەنە ئامانجی خۆیان (المقريزي،١٩٩٧،ص٤٧٩)، بەڵام لە ناوچەی (الوسطى) وەك خۆی مایەوە، (حصن الدين ) لەوێ حوکمەتێکی سەربەخۆی دامەزراند (ايبك) وسوڵتانەکانی دوای ئەویش هیچیان پێ لەگەڵ نەکرا [19](العمري،١٣١٢،ص١٨٨)،

[11] ذروة سريام: ئەم ناوچەیە پێی دەوترێت (دروت سربام)، و(دروط سريان)،(ذروة سريام)( دروط الشريف )،(ديروط الشريف) دهروط دەکاتە ديروط ی ئێستا کە یەکێکە لە ناوەندەکانی بەڕێوبەرایەتی (اسيوط) (المقريزي،١٩٩٧،ج١،ص٤٨٠).

[12] الجيزة: شارێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای مصر و لەسەر کەناری دەریایە، مەبەست (دەریای نیل)ە کە هەرەمەکانی تێدایە، یەکێکن لە سەرسورهێنەرەکانی جیهان(القرماني ،١٩٩٢،ج٣،ص٣٤٩).

[13] الفيوم: شارێکی مەزنە دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای (فسطاط )لە وولاتی مصر (القرماني،١٩٩٢،ج٣،ص٤٣٠؛ حسن،٢٠٠٩،ص٧٣).

[14] ذروة: دەکەوێتە سەر ڕووباری نیل کە ڕووباری یوسفی پێدا تێپەڕ دەبێ لە هەرێمی اشمونینی کۆنە ناسراوە بە ذروة سريام وە دەناسرێ بە (ذروة شريف)(النويري، ١٤٢٣،ص ٤٢٨).

[15] النويري لە گێڕانەوەکەی دا ئاماژە دەکات و دەڵێ: (فارس الدين اقطاي) چووە (صعيد) لەوێ لە شوێنێك کۆبوونەوە پێی دەڵێن( صلعا) لە بەرەی ڕۆژئاوا گوندێکە دەکەوێتە (صعيد الاعلى) ئێستا سەر بە ناوەندی (سوهاج) (النويري،٢٠٠٤،ج٢٩،ص٢٧٦).

[16] فارس الدين اقطاي: فارس الدين اقطاي الجمدار النجمي الصالحي، ڕابەری مەمالیکی (البحري) بوو، بە لێهاتوویی ناوی دەرکردبوو، لە ساڵی (٦٥٢ك/١٢٥٤ز) لە (قلعه الجبل) لەلایەن (المعز ايبك) و(شجر الدر) بڕیاری کوشتنی درا. (الذهبي، ١٩٦٦، ج5،ص٢١١).

[17] بلبيس: شارێکە لە وڵاتی مصر، دەکەوێتە نزيك (الفسطاط)،لەسەر ڕێگای شام. دووری نێوانیان ١٠فرسەخە، کە دەکاتە ٦٠کم(ياقوت الحموي،١٩٩٥،مج١،ص٤٧٩).

[18] القاهرة: دەکەوێتە باکوری (الفسطاط)،لە وڵاتی مصر، لە ساڵی (٣٥٨ك/٩٦٩ز) دروستکرا وە، کە لە باکوریەوە دەرگای (نصر)ە لە باشورەوەش دەرگای (الزويلة) (ياقوت الحموي،1977،ج4،ص301).

[19] (المقريزي) گێرانەوەیەکی تری جیا لەم گێڕانەوەیە دێنێت تیایدا دەڵێت: شەریف حصن الدين داوای یارمەتلە (المعز ايبك) کردووە، ئەویش یارمەتی داوەو بەڵێنی پێداوە چەند پارچە زەویەکی پێبدات بۆ خۆی و هاودەمەکانی بەوە شەریف هەڵخەڵەتاوە بە هاودەمەکانیەوە بەرەو قاهیرە ڕۆشتووە لەوێ هەموو لە سێدارە دراون و شەریف ناردراوە بۆ ئەسکەندەریە لەوێ بەند کراوە (١٩٩٧،ج١،ص٤٨٠).

مەمالیکەکان لە میانەی ئەم شۆڕشەدا بە وورەیەکی بەرزەوە بەرامبەر شۆڕشی (العربان) وەستان، هەروەها بۆ لەناوبردنی ئەم شۆڕشە وچەسپاندنی دەسەڵاتیان ڕێگای سەربازی ڕاستەوخۆیان بەکارهێناوە، چونکە دەوڵەتی مەمالیك لە سەرەتاکانی دروست بوونی بوو،توندو تیژی بەکاردەهێنا بەرامبەر هەر بزافێکی دژ بە دەوڵەت، هەروەها صعیدیش ناوچەیەك بوو کێشەی زۆری لێ سەرهەڵدەدا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕەچەڵەکی نێوان مەمالیکی تورکی و خەڵکی صعید کە عەرەب بوون و وەکو کۆیلە سەیری مەمالیکەکانیان دەکرد، دوای سەرکەوتنی مەمالیکەکان دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی ئەم هۆزانەدا گرت و دواتر بەرەو ئاراستەی هۆزەکانی سنبس[20] و لواتە[21] دا چوون، کە لە هەرێمی (الغربیة،المنوفیة) دا بوون. هێرشیان کردە سەریان دەستیان بەسەر ماڵ وسامانەکانیان داگرت و وەکو دیلی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵیاندا ئەنجام دەدا.(السید، ١٩٩٨،ص١٣٢) ،ئەم شکستە کۆتایی بە ڕاپەڕینی عربان نەهێنا بەڵکو بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بزافی تر لە ناوچەکانی( الوجه القبلي)[22]لە سەردەمی سوڵتانەکانی تر.

**٢.سەردەمی سوڵتان الظاهر بيبرس البندقداري( ٦٥٨-٦٧٦ك/١٢٦٠-١٢٧٧ز):**

**٢ : ١**ڕاپەڕینی حصن الدین بن ثعلب لە ساڵی (٦٥٩ك/١٢٦٠ز) :

لە سەردەمی سوڵتان (الظاهر بیبرس) حصن الدین لە بزاڤە بەرهەڵستکاریەکەی دژی دەوڵەتی مەمالیك بەردەوام بوو، کە لە سەردەمە جیاوازەکان بووە هۆکاری ئاژاوەو ناکۆکی لە وڵات، هەموو جار یکیش توشی شکست دەبوون و نەیاندەتوانی بوەستن بەرامبەر تیمی مەملوکی، بۆیە دوای سەرنەکەوتنی بزاڤەکەی (حصن الدین) گیانی ڕق و دژایەتی هۆزەکانی (العربان) دژی دەوڵەتی مەمالیك زیاتر بوو، بە تایبەتی کودەتاو سەرهەڵدانی هۆزەکان دژی دەسەڵات . تا لەساڵی ٦٥٩ك/١٢٦١ز ژمارەیەك لە هۆزەکانی (العربان) لە ناوچەی (صعید) کۆبوونەوە و بە سەرکردایەتی (حصن الدین)،دژی دەسەڵاتی (ظاهر بیبرس) ڕاپەڕینیان ئەنجامدا. بەڵام لێرەدا (ظاهر بیبرس) هێرشی سەربازی بەکار نەهێنا، بەڵکو بەڵێنی بە (حصن الدین ) دا کە بیکات بە فەرمانڕەوایی (الاسکندریة ) ئەگەر کۆتایی بە بزاڤەکە بهێنێ(العمري،١٣١٢،ص١٨٨؛ عبدالله،٢٠٢٠،ص١٦٨).

هەر لەم سۆنگەیەدا (حصن الدین) بە پێی ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ سوڵتان کۆتایی بە بزاڤەکە هێناو بەرەو (الاسکندریة) بەڕێکەوت. وا دیارە ئەو بەڵێنەی سوڵتان تەنها بریتیی بوو لە فێڵێك بۆ کۆتایی پێ هێنانی بە بزاڤەکە، هەروەها تا (حصن الدین )دەست بەسەر بکەن. بۆیە لە کاتی گەیشتنی (حصن الدین) دەست بەسەر کرا. لە کۆتایدا بیبرس توانی شکستی پێبهێنێ و لە ئەسکەندەریە لە سێدارەی بدات، سەرچاوەکان تەنها ئەو زانیاریەیان ئاماژە پێکردووە سەبارەت بە ڕاپەرینەکەی حصن الدین لەسەردەمی سوڵتان ظاهر بیبرس (القلقشندي،١٩١٤،ج٤،ص٤٦٩؛العمري،١٣١٢،ص١٨٨).

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە دەرئەنجامی ئەم شۆرشە بەم جۆرە نەبوو کە (عربان) دەیانویست،لە سەردەمی سولتان ظاهر بیبرس بە شکست ولە سێدارەدانی ڕابەرەکەیان کۆتایی هات.دەتوانین بڵێن چەندین هۆکار ڕۆڵیان هەبوولە سەرنەکەوتنی ئەم بزاڤە وەك : لێهاتوویی و شارەزایی سەرکردەکانی مەمالیك، هەروەها ناکۆکی نێوان هۆزەکان، هەندێ کات ئاژاوەو ناکۆکی لە نێوان خودی هۆزەکاندا ڕوویدەدا کە ئەمەش وای دەکرد گیانی تەبایی و یەکریزی لە نێوانیاندا نەمێنێ، هۆکارێکی تر ئەوەبوو مەمالیکەکان هەمیشە لە هەوڵدا بوون تا سەرنجی سەرۆك هۆزەکان بە لای خۆیاندا ڕاکێشن، ئەمیش بە بەخشینی پارچە زەوی یاخود بەخشینی پارە، تا کاریگەری هەبێت لەسەر دوورکەوتنەوەی لایەنەکان لە (حصن الدین)، سەرەڕای بەکارهێنانی چەندین ڕێگای توند بۆ دامرکاندنەوەی ئەو بزاڤانە وەك: لە سێدارە دان و کوشتنی دڕندانەو دەرکردنی چەندین بڕیار سەبارەت بە کەم کردنەوەی دەسەڵاتی (العربان).[23]

٢ :٢ .ڕاپەریینی هۆزە کانی (العربان) لە ناوچەی (قوص)[24] لە ساڵی ٦٦٠ك/١٢٦١ز:

هەوڵدانی هۆزەکانی عربان لە (الوجه القبلي) بۆ بنیاتنانی دەسەڵاتێکی غەیری مەملوکی و دژایەتی کردنی مەلیك ( الظاهر) بەردەوام بوو. بۆیە دەنگی نارەزاییان بەرز کردەوە دژی دەسەڵاتی مەمالیك، جاریکی دیکە تێهەڵچوونەوەو وویستیان شێوە کودەتایەك بکەن، تا وای لێهات ڕاپەرینیان هەڵگیرساند، لە دروشمەکاندا داوای گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتی مەمالیکیان دەکرد،

[20] بنوسنبس:بن معاویة بن جدول بن الغوث بن طي وە پێیان دەوترا سنبس بە ناوی باوکیان ، دەگەڕێنەوە سەر قحطانیة لە هەرێمی ڕۆژئاوا نیشتە جێبوون(القلقشندي، ١٩٨٠ ،ص٢٩٦).

[21] لواتە:لە هەرێمی (المنوفیة) نیشتە جێبوون، سەرەڕای ئەو شەڕو پێکدادانەی نێوان مەمالیك و (العربان) ڕوویدەدا، بەڵام بەشێك لە لواتە هەر لە (المنوفیة)جێگیر بوون و دواتر لەگەڵ هۆزی سنبس یەکیان گرت، هۆزی لواتە خۆیان دەگەڕێنەوە سەر (قیس علان) مێژوونوسەکان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر عەرەب بوونیان دەڵێن :سەرەتا بەربەر بوون دواتر لەگەڵ هۆزە عەرەبەکان لە مصر تێکەڵاوبوون(القلقشندي،١٩٨٠،ص٤١١؛ المقریزي، ١٩١٦، ص٥٤؛).

[22]الوجه القبلي: هەرێمی صعید و چەندین شاری تریش دەگرێتەوە. وەك: الجیزة و الاطفحیة و الاخمینیة (حسن،٢٠٠٩،ص١٠٩).

[23]بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).

[24]قوص :ناوچەیەکی فراوان و مەزنە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی نیل، دووری نێوان قوص و فسطاط دوانزە ڕۆژە.(یاقوت الحموي،١٩٩٧ ،ج٧،ص١٨١).

هەر بۆ ئەم مەبەستەش هێرشیان کردە سەر والی مەمالیکەکان لە ناوچەی (قوص) کە هۆزەکانی (العربان) کوشتیان ،دیارە ئەمەش هۆکارێــك بـــوو بـــۆ تێــك چـــوونی بـــارودۆخی وولآت و بڵاوبـــوونەوەی ئـــاژاوەو نـــاکۆکی لەم هەرێـــمەدا (بیـــبرس المنصوري،١٩٩٨،ص٧٥،٧٦؛بيبرس المنصوري،١٩٩٣،ص٣٣)، کاتێـك هەواڵـی ئەم ئاشـوبە گەیشـتە سـوڵتان، لە وەڵامـدا بە پەلە هێـزێکی سـەربازی ئامـادەکرد بە سـەرکردایەتی (الامـير عزالـدين امـير جانـدار)[25]نـاردیە صـعيد بـۆ لەنـاوبردنی ئەم ڕاپەریـنە و هێـورکردنەوەی ئەم بـارودۆخە،لە ئەنجامـدامیر( عزالـدين )تـوانی شۆڕشـەکە دابمـرکێنێتەوەو هێزەکەیـان پەرتەوازە بکـات (ابـن واصل،٢٠٠١،ص٣٣٣)، لەگەڵ ئەوەشدا بزاڤی (العربان) لەو ناوچانە بەردەوام بوو دژی دەوڵەتی مەماليك کە خراپەکاریەکی زۆریان کرد لە وناوچانە چ بە کوشتار یاخود دەست بەسەرا گرتنی پارەو موڵکی خەڵك.

٢ : ٣. ڕاپەرینی عربان لە (البرقة)[26] لە ساڵی ٦٦٢ك١٢٦٣ز:

هەوڵدانی سولتان (الظاهر بيبرس) بۆ سەر لە نوێ بوژانەوەو بەهێز کـردنەوەی دەسـەڵاتی سـیاسی نـاوچە سـنورییەکانی دەوڵەتی مەماليك بە تايبەتیش ناوچە سـنورییەکانی ڕۆژئـاوا، سـیمايەکی دیـاری ئەو سـەردەمە بـوو، کە لەو کـاتەدا مەترسـیەکانی (الحفصيين)( ٦٢٧ك/١٢٢٩ز-٩٧٢ك/١٥٧٤ز) گەیشتبووە سنورەکانی (البرقة) ی ڕۆژئـاوا. بـۆیە سـوڵتان بڕیاریـدا لە ڕووی سیاسـیەوە (البرقة) بخاتە ژێر دەسەڵاتی مەماليك، چونکە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی مەماليکـدا نەبـوو، بەڵام تەنهـا لايەنی سـیاسی هۆکـار نەبوو بۆ ئەم هەڵویستە، بەڵکو لە ڕووی ئابوریشەوە ئەم ناوچەیە گرنگیەکی زۆری هەبوو، بە هۆی تايبەتمەندی دارستانەکانانی کە چڕو سروشتی بوون، ئەمەش وای کرد بە دارو تەختە بەناوبانگ بێت، کە دەوڵەتی مەماليك سودی لێـدەبینی بـۆ دروسـتکردنی کەشـتی جەنگـی. وا دیـارە ئەو دارانەی کە لە مصرـ دابـوون بە ئەنـدازەیەکی کەم بـوون و بەشی دروسـتکردنی کەشـتی نەدەکـرد، هەروەها لەلایەکی تريش نایابی جۆری ئەسپەکانی (الخيول) و بەکارهێنانیان لە ڕۆژانی جەنگدا هۆکارێکی تر بوون. بۆیە سولتان لە ساڵی (٦٧١ك/١٢٧٢ز)دەستی بەسەر هەموو شارو قەڵاکانی برقەدا گرت (المقريزي،١٩٩٧،ج٢،ص٨٣)، لە ئەنجامدا سولتان یەکێك لە سەرکردەکانی مەماليکی کردە بەرپرسی (بنى سليم)[27]کە لەو سەردەمەدا لە (البرقة) نیشتەجێبوون. لە بەکارهێنانی ئەو سیاسـەتەش سوڵتان مەبەستی هۆگری ئەم هۆزانە بوون،بۆ ئەوەی بچنە ژێـر گـوێڕایەڵی دەوڵەتی مەمالیـك، لە هەمـان کاتـدا فەرمـانی کـرد بە کۆکردنەوەی باج لە هۆزەکانی (العربان) لە ناوچەکە (بيبرس المنصوري ،١٩٩٨،ص٩٢؛المقريزي،١٩٩٧،ج١،ص١٣).

وا دیارە ئەمە کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی دەوڵەتی مەماليك لەگەڵ (بني سليم) هەبوو، پێ دەچێ لەبەر ئەمە بووبێ کە ئەم هۆزانە ئالای ناڕەزاییان بەرزکردبێتەوە،لە ئەنجامدا سیاسەتێکی خراپیان بەکارهێنا دژی والی (البرقـة). لە سـاڵی(٦٧٢ك/12) کەسايەتيەك بە ناوی (بلبوش)کە وا دیارە سەرداری (بنى سليم) بوو بێت بزاڤێکی هەڵگیرساند دژی دەوڵەتی مەماليك، بۆیە سولتان سوپایەکی ئامادەکرد بۆ لەناوبردنی ئەم بزاڤە. شەڕ لە نێوان هۆزی (العربان) و دەوڵەتی مەماليك ڕوویدا.لە کۆتایدا (بلبـوش)[28] و لایەنگرانی شکستیان هێناو دەست بەسەر کران و هێنرانە (القاهرة)، دواتر(بلبـوش) پـۆزشی لەو هەڵوێسـتەی هێنـاوەتەوەو. دوای ئەوەی سوڵتان لێي خۆش بووە ئازادیکرد، ماوەیەکی کەم مـایەوەو دواتـر کـۆچی دوایـی کـرد. (بیـبرس المنصـوري،١٩٩٣،ص٤٩-٥٠؛ بيبرس المنصوري،١٩٩٨،ص١٣٩؛ ابن الفرات،١٩٤٢،مج٧،ص١٠).

**٤. بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی العربان لەسەردەمی سوڵتان الاشرف خليل[29]٦٨٩-٦٩٢ك/١٢٩٠-١٢٩٢ز):**

مێژوونوسەکان ئاماژە بەو سیاسەتە توندوتیژیە دەکەن کە هۆزە کانی (العربان) لە (الوجە القبلي)دژ بە دەوڵەتی مەمالیـك بەکاریان دەهێنا،مێژوونووس (بيبرس المنصوري) لە کتێبی (المختار) ئاماژە بەو سیاسەتە دەکات و بە چەند زانیاریەکی کەم دەڵـێ: لە سەردەمی سوڵتان (الاشرف خليل) هۆزەکـانی (العربـان) لە سـاڵی (٦٩٢ك/١٢٩٢ز) خراپەکـاری و چەواشـەکاریان لە وولآتـدا بـڵاو کـردەوە، چەتەیـی و ڕێگریانـدەکرد لە کـۆچبەران ولاسـاریان لە ڕێنمایـی وفەرمانەکـانی دەوڵەتی مەمالیـك دەکـرد، کاتێـك هەواڵـی خراپەکــاری هۆزەکــانی (العربــان) گەیشــتە سوڵتان،ســوڵتان بڕیــاری ڕووبەرووبونەوەیــدا، تونــدترین ڕێچــکەی گــرتە بەر بــۆ بەرپەچدانەوەی بزاڤەکە، چەند کەسێکی هەڵبژارد لە هاوەڵانی تا لەگەڵی بچن، هەرچەند ئاگاداریان کـردەوە کە هەرێمـی (الوجـە

[25]. لە سەرچاوەیەکدا ناوی هاتووە بە (عمادالدين) بڕوانە:(بيبرس المنصوري،١٩٩٣،ص٢٢)،هەروەها لە سەرچاوەیەکی تريش ناوی هاتووە بە (عزالدين) (ابن عبد الظاهر،١٩٧٦،ص١٢٨).

[26] البرقة: شارێکە لە لیبیا، ئەو کات سەر بە مصر بوو، ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان (الاسـكندرية) و (الافريقيـة) دووری نێـوان (البرقـة)و (الاسـكندرية) زیـاتر لە مـانگێکە، هەروەهـا دووری نێوان (الفسطاط) و(البرقة) 220 فرسەخە کە دەکاتە ١٣٢٠کم( ياقوت الحموي،١٩٧٧،ج١،ص٣٨٩).

[27]بەنی سليم:هۆزێکی عەرەبی قیسی بوون،دەگەڕێنەوە سەر(سليم بن منصور بن عكرمه بم خصفه بن قيس بن علان بن مضر)، لە نجـد و حجـاز نیشـتەجێ بـوون، لە سـاڵی( ١٠٩ك/٧٢٧ز) هـاتنە مصر (المقريزي،١٩١٦،ص٦٤)،

[28] لە سەرچاوەکاندا پێناسەی نەکراوە .

[29]الاشرف خليل بن قلاوون: لە ساڵی( ٦٦٦ك/١٢٦٨ز )لە دایك بووە، هەشتەمین سولتانی مەماليك بـوو، دوای مـردنی بـاوکی (المنصـور سيف الـدين قـلاوون) لە کۆتاییەکـانی سـاڵی( ٦٨٩ك/١٢٩٠ز) دەســەڵاتی گــرتە دەســت و بــووە ســوڵتان، لە ســاڵی (٦٩٣ك/١٢٩٣ز) لە تەمەنی سی ســاڵی لەســەر دەســتی مــیر( بیــدرا )کــوژرا، بــۆ مــاوەی ســێ ســاڵ و دوو مانــگ حــوکمڕانی کــرد (المقريزي،١٩٩٧،ج١،ص٧٥٦،ص٧٨٨؛القرماني،١٩٩٢،ج٢،ص٢٧٦،٢٧٥)

القبلي) پەتای تێدا دەرکەوتووە، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەیان، یەکێك لە وەزیرەکانی کە ناوی (شمس الدين بن سلعوس) [30]بوو، پێش سوڵتان خۆی گەیاندە ناوچەکە، ئەمەش وەك ئامادەکاریەك بۆ پاراستنی سوڵتان بوو، ئەوەی لێرەدا جێگای باسە،مێژوونووس (بيبرس المنصوري) ئاماژەی بە ئەنجامی کۆتایی بزاڤەکە نەکردووە (١٩٩٣،ص٩٣). سەبارەت بە کۆتایی بزاڤەکە کە ئاماژەی پێنەکراوە. من پێم وایە مێژوونووسەکان لەو سەردەمەدا تەنها ئەو ڕووداوانەي کە لە شارە گەورەکانی وەکو ( القاهرة، الاسكندرية) ڕوویاندەدا گرنگیان پێداوە، هەروەها هەندێك کات بە هۆی مەترسی مەغۆلەکان ڕێگاکان دادەخران یاخود هەواڵی ناوچەکان بە ووردی نەدەگەیشتە دەربەری دەسەڵات.

**٥. بزاڤ و ڕاپەڕینەکان لە سەردەمی سوڵتان زين الدين كتبغا[31](٦٩٤-٦٩٦ك/١٢٩٤-١٢٩٦ز):**

لە سەردەمی سوڵتان (زين الدين كتبغا) ووڵاتی مصرو شام تووشی قات وقڕی و برسیەتی و گرانیەکی زۆر بوونەوە، لەگەڵ ئەو گرانیەش پەتاش بڵاوبۆوە کە بووە هۆی مردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك (المقريزي ،٢٠٠٧،ص٥٥)، بە هۆی ئەم گرانیەوە وای لێهاتبوو باوك ناچاردەبوو بە فرۆشتنی منداڵەکانی، سەرەڕای ناخۆشی ئەم بارەی ووڵات، بەڵام لەلایەکی تریش ئەم بارودۆخە ڕێگا خۆشکەرێك بوو بۆ هۆزە کانی (العربان) بۆ بڵاوکرنەوەی نارەزایی و هەڵگیرساندنی شۆڕش دژی دەوڵەتی مەمالیك،هاندانی خەڵك بۆ بەرزکرنەوەی دروشمی ناڕەزایی دژی مەمالیك، عەرەبەکان لە ناوچەی (البرقة)لە ساڵی (٦٩٥ك/١٢٩٥ز) دژی مەمالیکەکان وەستان، ژمارەیەك لە موسڵمانەکانیان وەکو کۆیلە بەخاچ پەرستەکان فرۆشت، لێرەدا مێژوونووس (بيبرس المنصوري) کە هاوچەرخی ڕووداوەکە بووە ئاماژە دەکات بە چۆنیەتی خۆ ئامادەکردنی دەوڵەتی مەمالیك دژ بەو هەڵوێستەی (العربان)، لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە نوسراوەکانی سوڵتان (زين الدين كتبغا ) دەکات کە بۆ (بيبرس المنصوري) ناردووە بە مەبەستی ئامادە بوون لە برقە. تا ئاگاداری ڕاستی ڕووداوەکە بێت. بڕیاروابوو بەرەو (جهة الغربي) بەڕێکەون (بيبرس المنصوري،١٩٩٨،ص٣١٢)، بەڵام پاشگەز بوونەوە لە ناردنی شاڵاوەکە بۆ (العربان) لە (البرقة)، بە هۆی هاتنە پێشەوەی ڕووداوێك کە لادانی (زين الدين كتبغا) بوو لە دەسەڵات و دانانی میر (حسام الدين لاجين)[32] بوو لە شوێنی، بۆیە فەرمانی کرد بە گەڕانەوەی هێزەکە بۆ (قلعة الجبل)، لە سەرەتاکانی ساڵی( ٦٩٦ك/١٢٩٦ز )هێزەکە گەڕانەوە (بيبرس المنصوري،١٩٩٨،ص٣١٢-٣١٣).

**٦. بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی (العربان)لە سەردەمی سەڵتەنەتی دووەمی (ناصر محمد بن قلاوون):**

٦ : ١ لە ناوچەکانی اسيوط و منفلوط [33]لە ساڵی (٦٩٨-٧٠١ك/١٢٩٨-١٣٠١ز):

سوڵتان (الناصر ) تووشی کێشەی هۆزەکانی (العربان) بوویەوە شۆڕش وئاشوبی هۆزەکانی (العربان) جارێکی تر دەستی پێکردەوە لە ناوچەکانی (الوجه القبلي) لە سەردەمی( سوڵتان ناصر محمد ) لە ماوەی فەرمانڕەوایی دووەمی (٦٩٨-٧٠٨ك/١٢٩٨-١٣٠٨ز) بە گەورەترین ئاشوب دادەنرێت. کە لە ناوچەکانی (اسيوط ، منفلوط) ڕویدا.تا ساڵی( ٧٠١ك/١٢٩٨ز) بەردەوام بوو، لەم ڕاپەڕینە هۆزەکانی ناوچەی (الوجه القبلي) بەیەکەوە بەشداریان کرد و دروشمی ناڕەزایی وبەرهەڵستکاریان بەرزکردەوە دژی دەوڵەتی مەمالیك( بيبرس المنصوري،١٩٨٧،ص٣٧؛بيبرس المنصوري،١٩٩٨،ج٩،ص٣٩١)،گەندەڵی و فەسادیان بڵاوکرەوە، سیمای جیاکاری ئەمجارەیان: زۆر بەهێز بوون لە هەمان کاتدا دڕندە بوون، خەڵکیان دەکوشت ودزیان دەکرد، ڕێگەیان دەبڕی لە کۆچبەران و بە حەزی خۆیان کوشتاریان ئەنجامدەدا، وەکو دەسەلاتداری دەوڵەت بڕیاریان دەدا و خەڵکیان لە زیندانەکان دەردەهێناو ئازادیان دەکردن، دەیانتوانی تەنانەت باج و سەرانە کۆبکەنەوە و ئەمەش وەکو بەڕەنگاریەك بوو بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت (زيدي،٢٠١٥،ص٦٤)، هەروەها بۆ سەرانی خۆیان ناوی میرەکانی مەملوکیان بەکاردەهێنا وەکو: (بيبرس[34] و سالار[35]). کە

---

[30] شمس الدين محمد بن سلعوس:شمس الدين بن محمد بن سلعوس بن عثمان التنوخي الدمشقي، لە سەرەتادا بازرگان بوولە (دمشق) دواترچەند پۆستێکی تری وەرگرت تا کرا بەرپرسی حسبە لە (دمشق)، هەروەها لە سەردەمی سوڵتان( قلاوون) هاتە مصر، بەلام بە هۆی خراپ بەکارهێنانی پارەو پولی دەوڵەت لە کارەکەی دوورخرایەوە (الذهبي،د.ت،ج٣،ص٣٨١؛ المقريزي،١٩٩٧،ج٢،ص٢٠٨؛ سرور،د.ت،ص٢٩).

[31] كتبغا بن عبدالله المنصوري، زين الدين،ناسراو بە (الملك العادل): یەکێك بوو لە سەربازەکانی (هولاكو). کە سوڵتان(المنصور قلاوون) لە جەنگی (حمص الاول) لە ساڵی( ٦٥٩ك/١٢٦٠ز) هێنای و کردی بە مەمالیکی خۆی. نازناوی (المنصوري) پێوە لکاند، بەردەوام بوو لە خزمەت. تا سەردەمی سولتان( الناصر محمد بن قلاوون) کە بوو بە جێگری سوڵتان، دواتر پایەی گەورەتر بوو، لە ساڵی( ٦٩٤ك/١٢٩٤ز) بووە سوڵتان و نازناوی (الملك العادل) لێنرا، دواتر چووە شام میر لاجين دژی وەستاو داوای لێکرد واز لە دەسەڵات بهێنێ ،كتبغا داواکەی جێبەجێ کرد، لە ساڵی( ٦٩٩ك/١٢٩٩ ز) بووە بەرپرسی (حماة)، تا لەهەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد، ماوەی فەرمانڕەوای وەك سوڵتان دوو سال وپەنجاو یەك ڕۆژ بوو.(المقريزي،١٩٩٧،ج٢،ص١٥٣).

[32] المنصور لاجين حسام الدين بن عبدالله المنصوري : یەکێك بوو لە مەلیکەکانی (المنصور علي بن ايبك). کاتێك لە دەسەڵات لادرا، قلاوون کڕیەوە هەر لە خزمەتی قلاوندا مایەوە تا کردیە بەرپرسی قەڵای (دمشق) ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر (المنصور قلاوون) (ابن تغري بردي،١٩٩٧،ج٢،ص٤٩).

[33] منفلوط:شارێکە دەکەوێتە صعيد لە ڕۆژئاوای ڕووباری نیل (ياقوت الحموي،١٩٧٧،ج٥،ص٢١٤)

[34] ركن الدين بيبرس بن عبدالله :یەکێك بوو لە مەمالیکەکانی (المنصور قلاوون) و لە ڕەگەزی چەرکەسی بوو، هەر لە خزمەتی (المنصور قلاوون) دابوو تاکو لە سەردەمی(الناصر محمد) پایەدار بوو، گەیشتە پلەی جاشنكير، دواتر پلەی استادار، لە ساڵی (٧٠٨ك-١٣٠٩ز) بووە سوڵتان ولە ساڵی (٧٠٩ك/١٣٠٩ز) دوورخرایەوە (ابن كثير،1997،ج٩،ص٢٩٩؛ابن حجر،1993،ج١،ص٥٠٢-٥٠٣؛).

[35] سالار: یەکێك بوو لە میرەکانی دەوڵەتی مەمالیك، کە بە ڕەچەڵەك دەگەڕێتەوە سەر تتار، هەروەك زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن، دوای شەڕی نێوان مەمالیك و ڕۆمەکان کە روویدا خۆی و براکەی بە دیل گیران، کاتێك میر( سيف الدين قلاوون) بووە سوڵتان لە ساڵی (٦٧٨-٦٨٩ك/١٢٧٩-١٢٩٠ز) ئەو کۆیلەیەی کڕیەوەو کردی بە مەمالیکی خۆی، دواتر گەیشتە پلەو پایەیەکی بەرز لە دەوڵەتی مەمالیك بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان( الاشرف خليل )(الكتبي،١٩٥١،ج١،ص٣٧١).

گەورەترین میرەکانی دەوڵەتی مەمالیك بوون. تەنگەژەو ڕکابەریەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو، ئەمەیان بە هەنگاوێك دانا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، هەر فەتوایەك دەردەچوودژ بە (العربان) مۆڵەتپێدانی شەڕکردنیان ڕادەگەیاند، دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بڕیاریـدەدا بە بەکارهێنـانی تونـدترین سـزا بـۆ لەنـاوبردنی ئەم ڕاپەڕیـنە کە سەقامگیربوئاسـایش وڵاتی خسـتبووە مەترسـیەوە. بـۆیە دەوڵەتی مەمالیکبۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەم دۆخە. شێوازێکی تایبەتی گرتە بەرکە بریتی بوو: لە کـۆکردنەوەی زانـاو پیـاوانی ئـایینی دەوڵەت و داوایان لێکردن بانگەواز بکەن بۆ شەرعیەت دان بە کوشتنی ئەو کەسانەی لە فەرمانی دەوڵەت دەردەچن، داواکەیان جێبەجێ کرا،و بەرامـبەر ئەو هەڵوێسـتەیان پاداشـت کـرانەوە، سـوڵتان نـاصر میرەکـانی نـاوچەی (الـوجە القـبلي) کـۆکردەوەو پلانـێکی دانـا بـۆ ڕووبەرووبونەوەی ڕاپەڕینی (العربان)، چوار تیمی پێك هێنا( السید،1935، ص13)،داوای لە هەرچوار تـیم کـرد چەك هەڵگـرن لە ڕووی گەورەو بچوك و پیرو منداڵ،میر سالار پیلانەکانی سوڵتانی بە شێوەیەکی تۆکمە جێ بەجێ کرد بۆ ئەوەی (العربـان) نەتـوانن جارێکی تر هێزەکانی خۆیان ڕێك بخەنەوە، سـوپایەکی بـۆ ڕەوانە کـردن و لە (جیزة)شـەڕ لە نێوانیـان ڕوویـدا، بەشـێکی زۆری لـێ کوشتن و ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی مەمالیك بوو، ئەوانی تریـان هەڵاتـن بەرەو صـعید سـوپاکەش هەمـوو مـاڵات و داراییەکانیانی لێ زەوت کردو داگیری کرد ،ئەمەش بۆ خۆی جاریکی تر پێگەی سوڵتانی بەرز نرخاندو دەسـەڵاتەکەی جێگیرتـر کـرد. بەم جۆرە دەوڵەت جارێکی تر توانی زاڵ بێت بەسەر شارەکانی (الوجە القبلي)میرەکانیش لەگەڵ هێزەکانیان گەڕانەوە (قـاهیرة) کە پێشوازیەکی گەورەیان لێکرا لەلایەن سوڵتان ناصر (.زیدی،٢٠١٥ز،ص٦٤).

٦ : ٢. شۆڕشی (العربان) لە هەرێمی (البحیرة)[36] لە ساڵی( ٦٩٩ك/1299ز):

هۆکـاری سـیاسی و ئـابووری ڕۆڵـێکی گرنگیـان هەبـوو لە جوڵانـدنی هەسـتی دوژمنـانەی هـۆزە عەرەبەکـان دژی دەوڵەتی مەمالیك،هەروەها هۆکارە ناوخۆیەکانیش لە ئەنجامی لاوازبوونی باری ئابووری وڵات هەڵومەرجێکی نالەبـاری دروسـتکردبوو، بـۆ نموونە لە ناکۆکی نێوان دوو هۆزی عەرەبی ( جابر[37] ومردیس[38] ) کە بوونە هۆی دروست بوونی ئاژاوە لە . وڵات هێرشـیان کـردە سەر ناوچەکان و سوتاندنیان،هەروەکو ابن ایاس ئاماژە دەکات دەلێ :((نهبوا ضـیاع البحـیرة واحرقـوا الجـرون فاضـطربت احـوال الـدیار المصریـة)) (،د.ت،ج١،ص٤٠٧)، مەمالیکەکـان تونـدو تیـژ بـوونبەرامبەر بە هۆزەکـانی (العربان)لەکـاتی سـەرهەڵدانی هەر بزاڤێك، لە هەمان کاتدا هەواڵی هێرشی مەغۆلەکان بۆ وڵاتی شام گەیشتە سوڵتان (بیبرس المنصوري) ئاماژە دەکات بەو بزاڤە کە لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵدا، لەشکرکێش سەربازی ئامادەکرا،کە خۆی سەرکردەی هێزی سـەربازی دەوڵەتی مەمالیـك بـوو سـوڵتان ناردبووی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم هۆزانە، ژمارەی میرەکانی (الطلبخانة)[39] کە لەگەڵی دەرچووبوون بیست مـیر بـوون، بیـبرس توانی زاڵ بێت بەسەریان و ناوچەکانی هێناوە ژێـر دەسـەڵاتی مەمالیـك(١٩٩٨،ص٣٤٨-٣٤٩)،دەسکەوتێکی زۆریـان دەسـکەوت کە سەرکەوتنێکی گرنگ بـوو بـۆ مەمالیـك، لە ئەنجامـدا عەرەبەکـان بەرەو نـاوچەی شـاخاوی ڕایـانکرد (ابـن ایـاس،د.ت،ج١،ص٤٠٨)، مەمالیکەکانیش بەو دەسکەوتە زۆرەوە گەڕانەوە قاهیرە (بیبرس المنصـوري،١٩٨٧،ص١٦٠؛بیـبرس المنصـوري،١٩٩٣،ص١١٦؛ بیـبرس المنصوري،١٩٩٨،ص٣٤٨-٣٤٩).

**ئەنجام:**دوای قولبوونەوە لە سەرچاوەکان لە بارەی ڕاپەڕینەکانی هۆزی (العربان) لە مصرلە نیوەی دووەمـی سـەدەی حەوتەمـی کۆچی و سێزدەی زایینئەم ئەنجامانەمان بۆ دەرکەوت :

1 . لە ڕووی سیاسیەوە بە درێژایی سەردەمی مەمالیـك لە ناوچەکـانی (الوجـە البحـري والوجـە القـبلي) ، چەنـدین بـزاڤ و ڕاپەڕینـی جۆراوجـۆرلە و ناوچـانە دژی دەسـەڵاتی مەمالیـك سـەری هەڵـداوە، کە هۆکـاری سـەرەکی سـەرهەڵدانیان: یەکەمیـان لایەنی کـۆمەڵایەتی بـوو: هـۆزە عەرەبەکـان وەك کـۆیلە سـەیری مەمالیکەکانیـان دەکـرد، وایـان دەبینـی بـۆ فەرمانڕەوایی وڵات گونجاو نین، بەڵکو شەرعیەتیان بە دەسەڵاتی خۆیـان دەدا، چـونکە خۆیـان بە شایسـتەتر دەزانی بـۆ حوکمڕانی وڵات، دەوڵەتی مەمالیکیشئەو هۆزانەی بە خەڵکی دەشتەکی ونەفام دەزانی، ئەوەی تێبینی دەکرێ چەنـدین کێشەو ئاژاوە لە نێوانیاندا سەری هەڵداو ئەم کێشانەش بەردەوام بوو تا کۆتایی دەوڵەتی مەمالیك. کە ئەویش خۆی لە جەنگ و کوشتاردا دەدۆزیەوە، ئەمە هۆکاری یەکەم بوو بۆ سەرهەڵدانی بزاڤ و ڕاپەڕین .

[36] البحیرة:یەکێکە لە پارێزگاکانی مصر و پایتەختەکەی (دمنهور) بوو، دەکەوێتە ڕۆژئاوای دلتا، هەروەها سنورەکەی لە باکوور دەریای سپی ناوەڕاستە لە ڕۆژهەڵات لقی رشید، لەڕۆژئاواش پارێزگای (الاسکندریة)، لە باشوریش پارێزگای(الجیزەیة)(المقریزي، ١٩١٦،ص٧١).

[37] بنو جابر: دەگەڕێنەوە سەر هۆزی جذام من القحطانیة (القلقشندي،١٩٨٠،ص٢٠٢)

[38] بنو مرداس :دەگەڕێنەوە سەر (بني عوف من سلیم من العدنانیة) لە نێوان( قابس) و ( عناب) لە مغرب نیشتەجێ بوون(القلقشندي،١٩٨٠،ص٤١٨).

[39] طلبخانات: لە پلەی دووەمی میرەکانی دەوڵەتی مەمالیکن، کە هەریەکەو خاوەن ٤٠ سەربازن یا زیاتر بۆ حەفتا سەربازن (العمري،١٣١٢،ص٧٤؛ باشا،١٩٥٠،ص٤٤).

2 . هۆکارێکی تر، کە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر خەڵك و هۆزەکانی (العربان) بە تایبەت، هەروەها دەسەڵاتی مەمالیکەکانیش، لایەنی ئابووری بوو کە نموونەی بڕبڕەی پشتی هەموو وولاتێکە، ئەم بزاڤانە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر باری ئابووری وڵات، کە بووە هۆی هێرشکردنە سەر زەویە کشتوکاڵیەکان و وێران بوونی ئەم زەوی کشتوکاڵی و لەناوچوونی بەرووبوم و بەرزبوونەوەی نرخی کەڵ وپەل و سەرهەڵدانی قات و قوڕی لە وڵاتدا، کە ئەمەش زۆرداری وئاژاوەو رق و کینەو تێکچوونی سەقامگیربو ئاسایش لێکەوتەوە، هەروەها لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە دەرەبەگیەی کە دەوڵەتی مەمالیك پەیڕەوی کردبوو، سیستەمی ئابووری بە شێوەیەکی گشتی تێکچوون و لاوازی بەخۆوە بینی .

3 . لە ئەنجامی بزاڤەکانی (العربان) دژی دەسەڵاتی مەمالیك، زیانی گیانی و ماددی تێکەوت کاتێك دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لەشکرکێشی سەربازی (تجريدات العسكري ) گەورەی دەنارد و خەرج کردنی پارەیەکی بێ شومار. بۆ لەناوبردنی ئەم بزاڤ و سەرهەڵدانانەی کە ڕوویانددەدا، هەروەها مەمالیکەکان توندترین ڕێگایان گرتەبەر بۆ دامرکاندنەوەی ئەم بزاڤانە، لە کوشتاری و زیندە بەچاڵ کردن و دەست بەسەرا گرتنی ماڵ و سامانیان، ئەم توندو تیژیە کاریگەری خراپی هەبوو بەسەر وڵاتی مصر ـ بە گشتی، ومەمالیکەکانیش بەتایبەت. کە ئەمەش یەك لە دوای یەك دەبووە هۆی لاوازی لایەنی ئابووری ولاوازی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا .


4 . ئەوەی جێگای سەرنجە بزاڤەکانی (العربان) بووە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی مصر، لە ئەنجامی ئەو کوشتاریە زۆرەی کە لە جەنگی نێوان (العربان) لەگەڵ مەمالیك ڕوویدا. هەروەها هۆکارێك بوو بۆ بڵاببوونەوەی پەتاو و بە کۆمەڵ مردن.

5 . خاڵێکی تری زۆر گرنگ هەیە لە سەردەمی مەمالیك، ئەویش ئەوەیە زۆربەی بزاڤەکان لەو کاتەدا سەریان هەڵدەدا. لە کاتی لادانی سوڵتانێك و دانانی سوڵتانێکی نوێ لە شوێنی یاخود لە کاتی دانانی سوڵتانێکی لە تەمەن بچووك. کە زیاتر دۆخەکەی لەبار دەکرد بۆ سەرهەلدانی بزاڤ.


6 . کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکانی هۆزی (العربان) لەلایەن دەوڵەتی مەمالیك، لەکاتی دامرکاندنەوەی بزاڤەکانیان. کە زۆربەی کات لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە سودی هەبوو بۆ دەسەڵاتی مەمالیك، هەروەها لە ڕووی سیاسیەوە دەبووە هۆکارێك بۆ بەهێزکردنی سنوری دەوڵەتی مەمالیك و بەرپەچدانەوەی هێرشی خاچ پەرستەکان و هێرشی مەغۆلەکان . لە ڕووی ئابوریشەوە مەمالیکەکان سودیان لە بەرووبووم و کەڵ و پەلی ناوچەکانی (العربان) دەبینی،هەندێ کات دەوڵەتی مەمالیك پێویستیەکی زۆری بەم پێویستیانە هەبوو .





**پاشكۆی ژماره(1) خشتەی مصر لە سەردەمی دەوڵەتی مەماليك، وەرگيراوە لە (المغلوث،2013،ص25).**





**پاشکۆی ژمارە(2) خشتەی ناوچەکانی هۆزی(العربان) لە صعیدی خواروو، وەرگیراوە لە (البري،١٩٩٢،ص٣١٩).**




**پاشکۆی ژمارە(٣) خشتەی ناوچەکانی هۆزی(العربان) لە صعیدی ناوەراست، وەرگیراوە لە (البري،١٩٩٢،ص٣٢١).**




**پاشکۆی ژمارە(٤) نەخشەی ناوچەکانی هۆزی(العربان) لە صعيدي سەروو، وەرگیراوە لە (البري،١٩٩٢،ص٣٢٣).**



**پاشکۆی ژمارە(٥) نەخشەی ناوچەکانی هۆزی(العربان) لە خواروو، وەرگیراوە لە (البري،١٩٩٢،ص٣١٧).**

وهذه نسخة تقليد بنيابة السلطنة بالوجه القبلي أيضا ، من إنشاء الشريف شهاب الدين، كتب به «لعلاء الدين المرادى» وهى :

الحمد لله الذى جعل إقبالنا مسفر الوجوه، ونوالنا مبلغا كلا من الأولياء ما يؤمله من القرب من أبوابنا الشريفة ويرجوه، وإفضالنا يوفر أقسام النعم لمن وفر دواعيه على طاعتنا فلا يزال استحقاقه يعينه ويدعوه، وإجمالنا ينجز وعود التقديم لمن تعددت خدمه فلا يتجاوزه التكريم ولا يعدوه .

نحمده على أن جعل إنعامنا يهب الجزيل ويحبوه ، ونشكره على أن أقامنا نحق الحق فنرفعه فيدمغ الباطل ويعلوه .

ونشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له شهادة هى خير ما ينطق به الإنسان ويفوه ، لا يبرح اللسان يكرر إخلاصها ويتلوه؛ ونشهد أن سيدنا محمدا عبده ورسوله



الذى رفع الله ببعثته عن هذه الأمة كل مكروه، وحمى بشرعته الدين الحنيف فلا يلم به التبديل ولا يعروه ، وأفاض ببركاته فى كل وجه ما يوسع الخير ويدره ويمنع الشر ويذروه ؛ صلى الله عليه وعلى آله الذين هم عترته وأقربوه ، وصحبه الذين استمعوا قوله واتبعوه، صلاة لا يزال وافدها يتبع سبيل الإجابة ويقفوه، ويصل إلى محل القبول ولا يجفوه ؛ وسلم تسليما كثيرا .

أما بعد، فإن الله تعالى لما قرن آراءنا بالسداد ، وأحسن بنا النظر فى صلاح البلاد ومصالح العباد، لم نزل نرفع أقدار المخلصين بمزية الاختيار والارتياد، ونجمعهم فى صعيد الإحسان ونحلهم رتب الإصعاد ، وندنى منهم من له تام اهتمام وشاد اجتهاد ، ونميز منهم من حسن حالا بالجمع والإفراد .

والولاية على الولاة بالوجه القبلى من أهم ما يلمح، وأعم ما يختار له من للحق ينصر وللخلق ينصح ؛ إذ بهذا الوجه عيون البلدان ، ووجوه العربان، وكراسى الأقاليم الحسان، ومراكز الولايات التى تحل دائرة السوء بأهل العدوان؛ وإقطاعات الجند والأمراء، والخواص الشريفة التى على عمارتها إجماع الآراء؛ وعليه تتردد التجار، وإليه بالميزة يشار ، ومنه تتعدد المنافع فيتعين أن ندفع عنه المضار، ونلقى أموره لمن ينتقى حزمه وعزمه ويختار .

ولما كان فلان هو الذى له ولايات اقتضت تقديمه ، وسبقت منه سوابق خدم أجزلت تكريمه، وما زال فى الشام على الهمة حسن الشيمه؛ وطهر البر من كل فاجر، ورأى أن التقوى أربح المتاجر، وأعذب للرعية من المعدلة الموارد فصدر من أبوابنا إلى أحمد المصادر ـ اقتضى حسن الرأى الشريف أن نجعل له من إقبالنا النصيب الوافر . فلذلك رسم بالأمر الشريف ـ لا برح يزيد الأقدار علاء ويظهرها

من تكريمه فى أحسن المظاهر ـ أن تفوّض إليه نيابةُ السلطنة الشريفة بالوجه القبلىّ وجميع نواحيه، على عادة من تقدّمه فى ذلك ومستقرّ قاعدته إلى آخر وقت .

فليتلقّ هذه الولايةَ المباركة بقبولٍ حسن، وليوقظ جفن سيفه الذى لم يعرف الوسن ؛ وليتّق الله ربّه فى السرّ والعلن ، وليحكم بما شرع الله وسنّ؛ وليجتهد فى إحماد العواقب وإخماد الفتن ، ليسكن من تردّد إليها أو سكن . وليلاحظ هذه الأقاليمَ بعزائمه السيّاره، وليحافظ على سلوك سيرته الساره ؛ وليستطلع من كل بلد أخباره، ويتتبّع من كل والٍ آثاره؛ وإن رأى منكرا أزاله ، أو وجد مبطلا أذاله أو حقّا أداله ؛ وليعظّم أحكام الشرع وحكّامه، وليجعله إمامه ليسعى نوره أمامه؛ وليطالعنا بما تتعيّن فيه المطالعه، ويراجع أوامرنا فيما تجب فيه المراجعه؛ وليستجلب لأيامنا الأدعيةَ النافعه، وليباشر بنفسه الأمورَ التى هى له راجعه؛ وليراع فى القضايا المصلحةَ الجامعه ، ولتكن حمايته للمؤمنين واقية وفتكته بالمجرمين واقعه؛ وليسع الرعايا بالمعدلة الواسعه، ويمنع المجترئين بالأخذة الرابية والهيبة الرادعه ؛ ولا يمكّن أحدًا من العربان بجميع الوجه القبلىّ أن يركب فرسا ولا يقتنيه، ويكف بذلك الأيدى المعتدية فإنّ المصلحة لمنعهم من ركوبها مقتضيه؛ وليقم الحرمة والمهابه ، وليدم قيامه فى الخدمة وانتصابه ، وليرهف حدّ عزمه ويمضيه ، ويجرّد سيف الانتقام على المفسدين وينتضيه؛ ومن وجده من العربان خالف المرسوم الشريف من منعه من ركوب الخيل كائنا من كان ضرب عنقه، وأرهقه من البطش بما أرهقه : ليرتدع به أمثاله، ولا يتّسع لأحدٍ فى الشرّ مجاله .

وقد كتبنا إلى سائر ولاة الأقاليم بمساعدته ، وأمرناهم بمعاونته ومعاضدته ، وأكّدنا عليهم فى المبادرة إلى ما يراه من جميع الأمور، من غير تهاونٍ ولا تقصير

(٢٨)



ولا فتور؛ حتّى لا تفوت مصلحةٌ عن وقتها، ولا تزال جموع المعتدين معاجلة بكبتها؛ وقد حذّرنا العربان من مخالفة مارسمنا بالتعرّض لما يوجب هلاك نفوسهم، وقطع رءوسهم .

وليقرأ هذا المرسومُ الشريفُ على المنابر بجميع نواحى الوجه القبلى لتمتثل مراسمه، ويتلقّ بالقبول قادمه؛ وليقفوا عنده، ويقفوا رشده ، ويرهبوا من الشرّ وعيده ويستنجزوا من الخير وعده؛ وهو ـ بحمد الله ـ ما برح مهذّبا ، وبأ كمل الآداب مؤدّبا، وبما يفعله إلى رضا الله تعالى ورضانا مقرّبا؛ والله تعالى يجعله مختارا مجتبى، ويوزعه شكر منحنا الذى أجزل له الحبا ، وخصّ به هذا العمل الجليل فضاعف خصبه واهتزّ وربا، ويطلعه مباركا ميمونا حيث حلّ قيل له : مرحبا؛ ويصعد به هذه الرتبةَ ويهبه توفيقا مستصحبا، ويمهّد به الطرق للسالكين حتّى يتلو عليه لسان التأمين : ﴿فتيمّموا صعيدًا طيّبا﴾ ؛ والخطّ الشريف أعلاه، حجّةٌ بمقتضاه، إن شاء الله تعالى .

**پاشکۆی ژمارە(٦) نێردراوی سوڵتان بۆ (علاء الدين المرادي) لە (وجەالقبلي)، القلقشندي،١٩١٧،ج١١،ص٤٣١-٤٣٤).**

## لیستی سەرچاوەکان


1. الالوسي؛ السيدمحمود،(١٣١٤)، بلوغ الارب في معرفه الاحوال العرب ،دون مكان الطبع.
2. ابن اياس، (١٩٦١)، بدائع الزهور في وقائع الدهور، القاهرة .
3. الاسحاقي،(د.ت)،كتاب اخبار الاول، مكتبة القاهرة .
4. محمد امين؛بورهان،(د.ت)، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، چاپی دووەم، (د.م).
5. ابن ايبک،(١٩٧١)،كنز الدرر وجامع الغرر، القاهرة.
6. باشا؛حسن، (١٩٥٧)، الالقاب الاسلامية، في التاريخ والوقائع والاثار،القاهرة.
7. البري؛ عبدالله خورشيد،(١٩٩٢)، القبائل العربية في مصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
8. بيبرس المنصوري، (1987)، التحفة الملوكية فى الدولة التركية،طبع الاول، دار المصرية اللبنانية ،القاهرة.
9. (1993)المختار الاخبار في تاريخ الدولة الايوبية و الدولة المماليك البحرية، دار المصرية اللبنانية.
10. (1998)، زبدة الفكرة في تاريخ الهجرة،طبع الاول،بيروت.
11. ابن تغري بردي: (١٩٩٧)، مورد اللطافة فيمن ولى السلطنة والخلافة،دار الكتب المصرية،القاهرة.
12. (1985)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، (د.ت) ،المؤسسة المصرية العامة.
13. ابن الحجرالعسقلاني، ( ١٩٩٣)، الدرر الكامنة في اعيان مائة الثامنة،بيروت.
14. حتى فليب: (١٩٨٣)، تاريخ سورياو لبنان فلسطين، ترجمة: جورج حداد وعبدالكريم رافق، دار الثقافة ،بيروت.
15. حسن؛قادر محمد،(٢٠٠٩)،اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية ،طبع الاول، دهوك.
16. ابن حوقل (١٩٧٩)،صورة الارض،دارمكتبة الحياة ،بيروت.
17. ابن خلدون،(١٩٨١)،تاريخ ابن خلدون المعروف ب(العبرو ديوان مبتدا والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم ذوي الشان الاكبر، بيروت.
18. الذهبي: (د.ت)، العبر في خبر من غبر، الجزء الثالث، دار الكتب العلمية، بيروت. (1966)، الجزء الخامس.
19. زيدي،مفيد، (٢٠٠٣)، العصر المملوكي (٩٢٣-٦٤٨ك/١٥١٧-١٢٥٨ز)،دار الاسامة ،عمان.
20. سرور؛محمد،(د.ت)،دولة بني قلاوون، دارالفكرالعربي.
21. السيد،(١٩٩٨)،تاريخ القبائل العربية في عصر الدولتين الايوبية والمملوكية، مؤسسة الشباب الجامعة، الاسكندرية.
22. السيد، (1935)، العليقات والجعافرة والقبائل الاخرى، دار الكتب المصرية.
23. ابن شداد،(1978)،الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، ،دمشق .
24. الصقاف: شيخ علوي بن عبد القادر ،مجموعة من الباحثين، موسوعة تاريخية الدرر السنية (١٤٣٣).
25. .ابن عبدالظاهر،(1961)، تشريف الايام والعصور في سيرة الملك المنصور، القاهرة.
26. (١٩٧٦)،روض الزاهر في سيرة الملك الظاهر، رياض.
27. العبادي:احمدمختار، (٢٠٠٦)، في التاريخ الايوبي والمملوكي، مؤسسة الشباب الجامعة ، الاسكندرية.
28. عاشور:سعيد عبد الفتاح،(١٩٧٦)، العصر المماليكي في مصر والشام ،طبع الثاني، دار النهضة العربية.
29. عبدالله:نشوان محمد،(٢٠٢٠)، ثورات القبائل العربية في مصر في عصر المماليك الجراكسة(784-923ه/1382-1517م)، مجلة الملوية،مج 7،عدد30.
30. عبد العال؛سيد محمود محمد،(2012)، ثورات العربان واثرها فى الاقتصاد المصري زمن سلاطين المماليك(648-923ه/1250-1517م)،مجلة اكتوبر، عدد20.
31. عطا الله؛محمود علي،(١٩٧٩)، نيابة غزة فى العهد المملوكي،جامعة الاردنية كلية الاداب، قسم التاريخ.
32. علي: جواد،(١٩٩٣)،المفصل في تاريخ العرب قبل الاسلام، طبع الثاني، جامعة بغداد.
33. العمري،(١٣١٢)،التعريف بالمصطلح الشريف، مصر.
34. العيني،(١٩٨٨)،عقد الجمان في تاريخ الاهل الزمان ، الهيئة المصرية .
35. ابوالفداء،(1840)،تقويم البلدان،باريس.
36. القرماني،(١٩٩٢)،اخبار الدول واثار الاول في التاريخ،ط1، دار الكتب.
37. القزويني،(د.ت)، اثار البلاد واخبار العباد، دار صادر، بيروت.
38. -القلقشندي، (1914)، صبح الاعشى في صناعة الانشا، جزء الرابع، دار الكتب الخديوية، القاهرة
39. (١٩١٧)، صبح الاعشى في صناعه الانشا، الجزء الحادي عشر، مطبعة الاميرية، القاهرة.
40. (١٩٦٣)، قلائد الجمان فى التعريف بقبائل الزمان، دار الكتب الحديثة ،القاهرة
41. (١٩٨٠)، نهاية الارب في معرفة الانساب العرب، دار الكتب اللبناني، بيروت.
42. الفيروز ابادي،(٢٠٠٨)، قاموس المحيط، دار الحديث، القاهرة.
43. الكتبي،(١٩٥١)، فوات الوفيات والذيل عليها،بيروت.
44. - ابن كثير،(١٩٩٧)، البداية والنهاية، الجزء التاسع، دار الفكر للطباعة،بيروت.
45. المقريزي،(١٩١٦)، البيان والاعراب عما بارض مصر من الاعراب ، مطبعة المتعالة،مصر.
46. (١٩٩٧)، السلوك لمعرفة الدول الملوك، دار الكتب العلمية، بيروت .

47. (٢٠٠٧)، اغاثة الامة بكشف الغمة، عين للدراسات والعلوم الانسانية و الاجتماعية.
48. ابن منظور،(د.ت)،لسان العرب المحيط،دارلسان العرب ،بيروت.
49. المغلوث؛ سامى بن عبدالله بن احمد،(2013)،اطلس تاريخ العصر المملوكي،الرياض.
50. النويري:(2004)، نهاية الارب في فنون الادب، بيروت.
51. ابن واصل، (2004)، مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، بيروت.
52. اليافعي، (١٩٩٣)، مراة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان، القاهرة.
53. ياقوت الحموي،1977، معجم البلدان ،بيروت.

**( حركات و إنتفاضات قبائل العربان في مصر في نصف الثاني من القرن السابع الهجري / الثالث عشر الميلادي)**

**قادر محمد حسن**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية الاداب- قسم التاريخ
phd.qader@yahoo.com

**ريفان غازي احمد**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية الاداب- قسم التاريخ
revanghazi@gmail.com

**ملخص**

ان دراسة حركات قبائل العربان في مصر في الوجهين :" البحرى و القبلي " في النصف الثاني من القرن السابع الهجري / /الثالث عشر الميلادي من المواضيع المهمة التي لم تنل قسطها من الدراسة والتمحيص،لذلك تأتي هذه الدراسة المتواضعة لتسلط الضوء على اهم الثورات التي حدثت في تلك المدن والتطرق الى نشاطاتهم الكثيفة ضد دولة المماليك التي استمرت سلطتها زهاء ثلاث قرون،و يرجع سبب هذه التشنجات والحركات السياسية الى الوضع الشرعي للسلطة المملوكية و تردي الأوضاع الإقتصادية و وتأثيرها على تلك القبائل ، تحاول هذه الدراسة لبيان حركات القبائل العربية التي رفضت الاعتراف بسلطة المماليك ، سببها اشكالية ثنائية العقليات والذهنيات المتضاربةعند كل منهم ، فعقلية المماليك تتعامل مع القبائل العربية على انهم مجرد طبقة اجتماعية تابعة لسلطان ، ولا حق لهم ان يتجاوزوا حدودهم ، بالمقابل عقلية القبائل العربية أو عربان الوجه القبلي والوجه البحري تتمثل في إبراز أحقيتهم بالحكم مقارنة بالمماليك الأرقاء ، مغتصبي عرش آل ايوب، لذلك حدثت حركات بينهم تفوق فيها المماليك بسبب قوتهم العسكرية التي تفوق قوة القبائل ، ومن المؤكد ان لكل تلك الحركات تداعيات سلبية على البلاد و من اهمها تدمير اقتصاد مصر المملوكية، وكذلك على إرباك الحياة الاجتماعية،
الكلمات الداله: المماليك، حركات المعارضة، العربان ، الوجه البحرى والوجه القبلي.

**Arab tribes' movement , uprising"in Lower Egypt and Upper Egypt" in the second half of the seventh century AH**

**Qader M. Hassan** **Revan ghazy Ahmed**
Department of History - College of Art / Salahaddin University-Erbil
phd.qader@yahoo.com revanghazi@gmail.com

**Abstract**

The study of Arab tribes' movement , uprising"in Lower Egypt and Upper Egypt" in the second half of the seventh century AH in the Mamluk sheds highlight on the most important movement , uprising that occurred in these cities during the reign of the Mamluk state and touched upon their intense activities against the Mamluk state that lasted about three centuries, and the reason for these circumstances is due to the influence and values of each of these tribes, and the statement of the revolutions of the Arab tribes who refused to recognize the authority of the Mamlukes, caused by the problem of the dualistic mentalities and conflicting minds of each of them. They have the right to transcend their borders, in return for the mentality of the Arab tribes or the Arab tribes of Upper Egypt and Lower Egypt, which represented their right to rule from the Mamlukes,the ascendants, the usurpers of the throne from the House of Ayub. Negative backgrounds on the country, and the most important negative consequences of those revolts is the destruction of the Mamluk Egyptian economy on the social side, and its impact on the country as well.

**Keywords:** opposition movements, Bedouins, Lower and Upper Egypt